کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:47 19-8-2007

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لە نیازی حەمە عەزیزەوە**

سڵاو و ڕێزم بۆ هەموو لایەك..

ئەوە دووەمین جارە کەسانێکی نامەسئوول بۆ مەبەستی تایبەتی و نانەوەی فیتنە و کێشە بۆم لە سایتەکانی ئینتەرنێت ئەوە بڵاودەکەنەوە کە گوایە من بەڕێوەبەری سایتی (ڕۆشنایی) م.. کە تیایدا هێرش دەکرێتەسەر سەرکردە و بەرپرس و بەڕێوەبەر و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان و دەڤەری بیتوێن و پشدەر.
بۆیە منیش لای خۆمەوە هەموولایەك دڵنیا دەکەمەوە کە من هیچ پەیوەندییەکم بە سایتەوە نیە و ستافەکەشی بە هیچ شێوەیەك ناناسم!! نەك هەر ئەوە بەڵکو من هەرگیز لەگەڵ ئەو شێوازی نووسینانەدا نیم کە تەشهیر و سوکایەتی تێدا بێت و هەستی خەڵك بریندار بکات. ئەوەی من بناسێ دەزانێ ئیلتیزام و ڕەوشت و پەروەردەی من دوورە لەو کارانە و هەرگیز لە من ناوەشێتەوە، ئەوانەی ئەو تۆمەتەش دەدەنە پاڵ من خۆیان جێی گومانن و پێدەچێ هەر خۆیان بە کاری ئاوا هەستن و بیانەوی شوێنەونی کەن هەروەك نیشانەکانیش ئەمە دەسەلمێنن.
دووبارە من لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقیەوە لەم ڕوونکردنەوەیەم بەرپرسیارم و ئەو بوختان و تۆمەتە بێ بەڵگە و بنەمایەش ڕەتدەکەمەوە.. ئامادەشم بە ئەزموونی خۆمەوە هاوکاری هەر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بکەم لەو بارەیەوە.. ڕۆژان دێن و ڕاستیەکانیش ئاشکرا دەبن..
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

لەگەڵ ڕێزمدا.. نیازی حەمە عەزیز
بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس
ڕانیە 14 ی ئابی 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.